# مالیکی جەختکردەوە لە گرنگی پەیەوەندی زمانی دیالۆگ لە چارەسەری کێشە هەڵپەسەردراوەکان

سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا نوری مالیکی، ئەمڕۆ پێنجشەممە، جەختی لە گرنگی پەیەوەندی زمانی دیالۆگ لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسەردراوەکان کردەوە.

نوسینگەی مالیکی لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا نوری مالیکی، ئەمڕۆ لە نووسینگەی خۆی پێشوازی لە عەلی ڕەزا گەنەی باڵیۆزی کۆماری تورکیا لە عێراق کرد و لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا گەنای پیرۆزبایی لە مالیکی کرد بەبۆنەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ناوخۆیی، و هەروەها پەداچوونەوەی بە دوایین پێشهاتە سیاسی و ئەمنییەکان کرد لەسەر گەڕەپانی هەرێمی و نەودەوڵەتی.

هاوکات سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا جەختیکردەوە: لە گرنگی پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆییەکانی نێوان بەغداد و ئەنقەرە بە شێوەیەك کە بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەلی دراوسێ بەدەستبهێنێت، و ڕوونیشیکردەوە: عێراق هەڵبژاردنە خەجێییەکانی بەسەرکەوتوویی ئەنجامدا و ئەمڕۆ ئامادەکاری دەکات بە پەکهێنانی حکومەتی خەجێی بەپێی شایستەیی هەڵبژاردن.

سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئێم دوایینی عێراق و ناوچەکەش، مالیکی جەختیکردەوە: لە گرنگی پەیەوەندی زمانی گفتوگۆ لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسەردراوەکان و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی هێز، و

وتیشی: دەستووری عێراق ڕێگە بە بەکارهێنانی خاکەکەی بە هەرشکردنە سەر وڵاتانی دراوسێ نادات، بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێت هەموو وڵاتان ئامادە لە سەروەری عێراق و پیرۆزی خاکەکەی بگرن.

لای خۆیەوە باڵیۆزی تورکیا پاڵپشتی وڵاتەکەی بە عێراق لە ئاستە جیاجیاکاندا نوێکردەوە و جەختیشیکردەوە: لە گرنگی بەهێزکردنی هێزە هاوبەشەکان بە تێپەڕاندنی ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆپۆدانی پێیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات.